# شانۆگەری  نێو جانتاکان

(خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەری (وێرانە)ی کامەران ڕەوف)



ئیسماعیل حەمەئەمین

ئەمجارە کامەران ڕەئوف و سۆران ئیسماعیل و سیروان جەمال  بەجانتاوە لە هۆڵنداوە خۆیان کرد بەشاری نوێنبرگی ئەڵمانی، لەڕۆژی  10.11.2007 لەهۆڵی (ڤیلا لیۆن)  دیکۆری شانۆگەریەکەیان لەجانتاکانی شانیان دەرهێنا و نمایشی شانۆگەری (وێرانە)یان بۆ کردین. دیارە ئەمە جانتایەک نیە کەمن لێرەدا وەک سومبولێک باسی بکەم، بەڵکو بەهەقەت جانتایان لەشاندا بوو، یەکێکیان دیکۆری شانۆگەریەکەبوو وئەویدیکەشیان  بەدرێژایی نمایشەکە  هاوڕێی ئەکتەر بوو. لەم جانتەیەوە شانۆگەری (وێرانە) کەلەنوسین ودەرهێنانی کامەران ڕەووف خۆی و کاری ڕوناکی برای هونەرمەند (سۆران) بوو، دەستیپێکرد.

شانۆگەریەکە لەنێوان ڕەمزەیەت و دروستکردنی وێنە و جوڵەی ئەکتەر و هارۆمۆنیەتی ڕۆناکیداهەڵدەسوڕا، گەشتێکی دوورودرێژ بوو بەنێو یادەوەریی مێژوویی دوورو نێزکماندا. ئێمەی بینەرانی ئەم نمایشە (یەک ئەکتەریە) بەرامبەر کەسی ئەکتەر دەبووینەوە، کەلەنێوان لەبیرچوونەوە وئامادەبووندا، لەنێوان مەنفای ڕۆح و مەنفای شوێندا یاری بێبەزەیانەی خۆی دەکرد. ئەم دەقەی کامەران بەجیاواز لەهەموو کارەکانی دیکەی خەمێکی قوڵی بەکوردبوونی  لەخۆیدا هەڵگرتبوو، پاڵەوانی ئەم دەقە ناوی (نەوزاد ئەحمەد ڕەشیدە) و مامۆستای مێژوبووە، ماوەی هەژدەساڵ لەزینداندا بووە و بەخۆی و جانتایەکەوە لەبەردەم دەرگایماڵەوەیان خۆی دەبینیتەوە، ئازادە بەجەستە ولەزیندانەکانی داگیرکردن وئەشکەنجە ڕزگاری بووە، بەڵام بەرامبەر زیندانێکی دیکە دەبێتەوە، کەزیندانی  ئازادیە لەوڵاتێکدا ئازادی لەژێر سێبەرەکانی دیسپۆتدا جۆرێکە لەتاوانکاری. ئێمە بەرامبەر کەسێکی هیلاکدەبینەوە کەچیتر ئەوەندە خۆی بەژیانەوە خەریک ناکات، بەقەد هێندەی خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە ونبووەکانی ڕابوردووە. کەسێکە هەژدەساڵی ڕەبەق لەسەر ئەوەی چەند وانەیەکی مێژوویی کوردی گوتۆتەوە  لەژێر ناوی تیرۆر و ئاژاوەدا زیندانی دەکرێت، کەسێکە پێش ئەوەش لەژیانی کەسی خۆی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیدا هیلاکە لەگەڵ چواردەوروبەری، لەنێو گێژاویی ناتێگەیستنێکی گەورەدا



خولدەخوات. نە هاوسەری ونەئەوانەی لەدوروبەری لەوە تێدەگەن، کەئەو مامۆستای مێژووە وناتوانێت ببێت بەشتێکی دیکە، ناتوانێت ببێت بەشوفێری تاکسی، ناتوانێت ببێت بەیەکێک لە مێگەلی کۆمەڵایەتی هەبووی پابەست بە نەریتەباوەکان. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی تەنها لەگەڵ مێژوودا ژیان بەسەر بەرێت ولەدواجاریشدا هەر مێژووە دەبێتە هۆی ونکردن وسەرەونگومکردنی لەنێو زیندانەکاندا. کەسێتی (نەوزاد) لە شانۆگەری (وێرانەدا) کەسێتیەکی تورەیە لەو هەموو دەنگی تەقە وگوللەبارانەی نێو شار کەخۆیشی نازانێت لەسەر چیە ولەسەر چی ئەم جەنگە هەڵگیرساوە. لەبەردەم ماڵەکەیدا و لەدوای هەژدە ساڵ جارێکی دیکە شەڕێکی تر خۆی دووبارە دەکاتەوە، کەئەمجارەیا نوا هەستدەکەین شەڕی (نەوزاد) نیە و لەدەرەوەی مێژووە. مێژوو تەنها لەنێو جانتاکەی ئەودایە و لەبەردەم ماڵەکەیدایە، ئەو ماڵەی هەژدەساڵ لەمەوبەر بەزیندانی بەجێهشتبوو. ئێستا کاتی کۆکرنەوەی پارچەکانی ڕابوردووە، کاتی گەڕانەوەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەوەی کەونبووە وئەوەی کەپەرتبووە. سەیر لەوەدایە من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ئەو کلیلەی لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیدا بەدەستیەوە بوو، توانای کردنەوەی دەرگاکەی نەبێت، چونکە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کیلۆنی دەرگایەک هەژدەساڵ وەک خۆی بمێنێتەوە وئاوەها بەئاسانی بتوانین ئەو دەرگایە بکەینەوە. بەڵام **(کامەران ڕەووف) ئێمە سەرسامدەکات بەکردنەوە و چوونە ناوەوەی ئاسانی نەوزاد بۆ ماڵەکەی خۆی، هەروەک ئەوەی پێمابڵێت، دەرگای ماڵی کوردی لەشوێنی خۆیدا ماوەتەوە و قفڵەکانی لەهەمان شوێنی خۆیدان، هەمان کلیلی کۆنینەش توانای کردنەوەی هەیە. کامەران دەیەوێت ئەو دنیاکوردیە نمانیش بکات کەلەشوێنی خۆیدا چەقی بەستووە و لەنەگۆڕیدا دێژە بەفۆرمەکانی خۆیدەدات.** کامەران دەیدەوێت بڵێت: هەژدە ساڵ برۆ و دووربکەرەوە، کەهاتیتەوە دەتوانیت بەهەمان کلیل، هەمان دەرگا بکەیتەوە کەکاتی خۆی بەجێتهێشتووە..

لەژووری ماڵەکەیدا (نەوزاد) بەرامبەر بەتاڵایەکی گەورە دەبێتەوە، بەتاڵایەک لە نمایشکرنی پڕسۆز وجوڵەی خودی ئەکتەردا، بینەر هەست بەو بەتاڵایە ڕۆحیە دەکات کەشانۆگەریەکە بەسەر هەموو ڕووبەرەکانیدا پەرتیدەکاتەوە، هەر لەجوڵەی ئەکتەرەوە بیگرە تاوەکو کاری دیکۆری (سیراون جەمال) وهارمۆنیەتی ڕوناکی ودەقە شانۆیەکە کەلەلایەن هونەرمەندی ئازیزمان (سۆران ئیسماعیل) کاری لەسەر دەکرا.. بەهەموویان (ئەکتەر و ڕۆناکی و دیکۆر) کۆدەبوونەوە بۆ نمایشکردنی بەتاڵاییەکی ڕۆحی کەلەنێو یادەوەریی مێژوومان‌دا خۆی پاڵخستووە ولەو چرکە ساتەدا لەڕێگەی کۆمبیناسیۆن و هاوئاهەنگی سەرکەوتوانەی ئەو سێ ڕەگەزەوە دێتە سەر ئاستی هۆشمەندیەک، کەهەموومانی تووشی شۆکێک کرد، شۆکی ڕووبورووبەڕووبوونەوەلەگەڵ ئەو دەلاقە ڕۆحیەی لەنێو نەستماندا خۆی ڕاکێشاوە.

پێدەچێتپەیامی   شانۆگەریە   نمایشی ئەو بەتاڵایە ڕۆحیەی لەخودی خۆیدا هەڵگرتبێت، کەچەندە ئەزمونی کەسی نەوزادن، ئەوەندەش تەعبیرن لەو بەتاڵایە ڕۆحیەی ئەقڵی کوری بەدرێژایی مێژوویی پێوەی دەناڵێنێت.

لەژووره بەتاڵاکانی ئەم ماڵە ساردوسڕەی موسافیره دوورەماندا هیچ دەنگێکی دیکە نیە، جگەلەدەنگی ئەو دەستڕێژ و تەقە و گوللەبارانە نەبێت، جارجارە ئەکتەر لەزیندە خەون و مەنالۆگەکانی وەئاگا دەهێنێتەوە، لەنێوان هەموو مەنلۆگێکدا، نەوزاد چاوەڕێی کۆتایی ئەم شەڕەیە کەنازانێت بۆچی هەڵگیرساوە و کێهایە لەدەرەوەی ئەم ماڵە و لەم شارەدا دەکوژرێت. دیارە دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کەنەدەرگامان هەیە بەدیکۆر و نەژووریشمان هەیە بەدیکۆر، بەڵام ئەوە ئەکتەرە ئەو هەستەمان دەداتێت بەشوێن و شوێن دروست دەکات، بوونی ئەو جانتایەش هەمیشە ئەو هەستەمان بە بوونی شوێنی وەهمی دیکە وچوارچێوەی وەهمی دیکە پێدەبەخشێت کە ئەکتەر لەنێواندا هەڵدەسوڕێت.

کامەران دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو وەک بەشێک لەپێکهاتەی فەردی وئیندیڤیدوالی، نەک وەک حەزێک بۆ سەماکردن لەگەڵ مێگەلی کۆمەلایەتی، تاکە ئەکتەرێکە لەسەر   ڕووبەرێکی ڕەش دەجولێت کەنەخشەی کوردستانە بەڵام لەشێوەی تاکەمرۆڤێکە، لەپشتیەوە ڕۆوناکی سوور  و لەبەشی ڕاست وچەپەوە پەڕۆی هەڵواسراو بەتەنافەوە لەکۆمەڵێک پێستی مرۆڤی کەوڵکراو دەچن بەم تەنافانەوە لەژێر ڕەحمەتی ڕەشەبادا بەهیلاکی شۆڕبووبێتنەوە.  ئەکتەر لەنێو ئەم دیکۆرە سەیرەدا دەجولێت ویادەوەری و خەم و هاوار و هیلاکی خۆی نمایشدەکات. چیرۆکی نەوزاد لەنێو ژووره بەتاڵەکاندا چیرۆکی گەران نیە بەنێو مێژوویەکی گەورەدا کەبەهۆیەوە هەژدە ساڵ زیندانی کراوە، بەڵکو گەڕانە بەدووی مێژووی بەجێماوی خێزانەکەی خۆی ، کەئەو وا مەزندە دەکات تۆزێکی دیکە هەموو ئەو مێژووە نەزانراوەی بۆ ئاشکرا دەبێت، مێژوویی کوڕەکەی (کوردۆ) و کچەکەی (مهاباد) و هاوسەرەکەی. بەڵام هەر وەک ئەوەی چاوەڕوانی (گۆدۆ) بکات، ئاوەها زۆر (بیکێت) یانە کامەران هەموومان دەخاتە چاوەڕوانی ئەوانەوە، هەموو جارێکیش دەڵێت : کەئەم شەڕە کۆتایی هات، ئەوان دێنەوە..بەڵی ئەوان دێنەوە ..ز مناڵەکانمان بۆ نەهاتنەوە!!

کەس دیار نیە و دەنگی کەس نیە ، جگەلەهاواری (نەوزاد) خۆی نەبێت، کەس نایەتەوە بۆ ماڵێک، کەئەو هەژدە ساڵ لێی دوور بووە. چاوەروانی و چاوەڕاونی  و چاوەڕوانی، ئەو هەستە قوڵەیە کە ئەم نمایشە  لەرۆحماندا درێژی دەکاتەوە. چاوەروانیەکی ترسناک وسامناکی کۆتایی هاتنە بەهەموو شتێک، تاوەکو دەگاتە ڕادەی هەناسە توندبوون وخنکان. نەئەوان دێنەوە ماڵەوە ونەئەمیش توانای کۆکردنەوەی پارچەکانی مێژووی کەسی خۆی هەیە. ئێمە ئاوەهابەئاسانی تێک وپێک شکانی مرۆڤی کوردی دەبینین لەنێوان مێژوویەکاندا، لەنێوان جولەی مێژوویی گشتی   ومێژووی خێزانی وکەسی خۆیدا. (نەوزاد ) هەموومانە و هەمووشمان نەوزادین، ئەمە ئەم هەقیقەتە سارد و بێبەزەیە کە (کامەران ڕەووف ) تێماندا جێیدەهڵێت.

نەوزاد دوای ئەوەی لەهەموو ئەم چاوەروانیە بێزار دەبێت. دەکەوێتە هەڵدانەوەی دۆکۆمێنتەکانی نێو ماڵە جێهڵرل وچۆڵەکەیدا، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە  (کوردۆ) کوری مردووە، ئەو کوڕەی لەهەموو ئەدەبیاتدا نمرەکانی باشە، تەنها ماتماتیک نەبێت، ئەوەش بەڕای نەوزادی باوکی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کامەران گووتەنی:  (هەموو سیاسیەکی ساختەچی دەستخەڕۆی بکات).

کامەران لەم شانۆگەریەدا نمایشی ڕۆحێکی ئێجگار هیلاک و ماندوویی دەکرد، ڕۆحێک ماندو بەدەست مەنفاکانی نیشتمان ومەنفاکانی مێژوو ومەنفاکانی کۆمەڵگە ونەریت و ئاین و دەسەڵات. ئەکتەر لەم شانۆگەریەدا چەقی کارەکەی پێکدەهێنا، هێزی ئەکتەر بوو کەئەم هەموو چاوەروانیکردن و گریان و هیلاکی وهەناسەبڕێکیەی لەفەزایەکی فراوانی سیخناخ بەخوێن و جەنگ و مردن و چاوەروانیکردنی

نمایشدەکرد. ئەوە هێزی ئەکتەر و ڕۆناکی و دیکۆر بوو کەهێزی دابوو بەدەقی شانۆگەرەیەکە،نەک بەپێچەوانەوە. لەدواجاریشدا ئەوە ئەکتەر بوو کەبەجانتایەکەوە چیرۆکی بەجێمانی بۆ هەمووان دەگێڕایەوە، بەجێمانمان لەنێو ڕۆحی خۆماندا ، چەقبەستمان لەنێو دوبارە بونەوەی مێژوودا، بەجێمانمان لەنێو خۆماندا وەک چەند بونەوەرێک مەحکوم بین بەقەدەری ڕاکێشانی جاناتاکانی مەنفا بەدووی خۆماندا.

گەشاوەترین کاری ئەم هونەرمەندانە (کامەران وسۆران و سیروان) لەشانۆگەری (وێرانەدا) ئەوەبوو، هەموو شانۆکەیان خستبووە نێو جانتاکانیانەوە، لەم سنوری مەنفا بۆ ئەو یدیکە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتبوو، شانۆیان لەنێو جانتاکەیانەوە دەرهێنا و لەگەڵ خۆشیاندا بردیانەوە. هەر وەک ئەوەی هەموو شتێکی جوڵا و هەڵگیرا و دەست بۆلێدارو توانای ئەوەی هەبێت ببێت بە ڕووبەرێک بۆ شانۆ، شانۆیەک گەر دەرگای هۆڵە گەورەکانیشی بەڕوودا دابخرێت،دەتوانێت لەنێو لەجانتایەکیشەوە نمایشی خۆی دەستپێبکات.

ئیسماعیل حەمەئەمین

نورنبێرگ 11. November 2007